# چاوتروکانەکانی تۆ

هەندرێن




"من غەریبی ماڵەوە دەکەم

لە خودی خەودا غەریبی من ناسراوە

من غەریبی ماڵەوە دەکەم.

من غەریبی ئەو شوێنە دەکەم کە دەڕۆیشتم

لێ نەک مرۆڤەکان!

من غەریبی ئەو زەوییە دەکەم، غەریبی ئەو بەردانە دەکەم،

کە لەوێدا منی منداڵ گەمەی دەکرد."

Verner Von Heidenstan،شاعیری سوێدیی

شیعری: ( هزرەکانی تەنیایی- Ensamhets tankar)

من دەخوازم گەمەی کاتی ئێستا بەرزەفت بکەم. ئەوەتا ئەم ئێستایە لێم دوور دەکەوێتەوە، ئەوها من لە ئێستادا رادەمێنم. ئەم ئێستایە وەک ئاوێکی راڕا لەناو دەستەکانمدا هەڵدێ. من لەناو ئەم ئێستایەدا ئامادەم و ئەم ئێستایەش لە مندا ئامادە نییە. دەزانم کات تەنێ لە

ئەڤیندا ئامادە نییە؛ ئەڤین چاوترووکانێکە لە بێکاتیی. تەنێ لە ئەڤینداریيدا نیگای کات وەک کەسێک بە تەنیشتمدا رادەبووریّ و نامناسێتەوە. هەبوون تەنێ لە چاوترووکانەکانی شادییدا شەوق دەداتەوە. بۆیە دەمەوێ ئەم خودە بەرزەفت بکەم. بە دەم بەرزەفتکردنی خودەوە وەک باڵندە کۆچەرییەکانی بن ئاسمانێکی خافڵاو خۆم دەخوێنمەوە. سترانێک دەچڕم تەنێ بە هی خۆم بچێ. ئاخۆ شەڕی من ئەو چاوترووکانەیە کە بەرزەفت ناکرێ؟ ئەوەتا لە نێوان چاوترووکانە لە دەستچووەکاندا خۆم دابەشدەکەم. چاوترووکانەکان وەک ناخی خۆم پچڕکا و پەرتەوازەن. من دەخوازم کۆتایی بەم بوونە بهێنم کە بە دەم ڕەوتی کات و وەرزی هەنارەکانەوە هەراش بوو. دەزانم شوێنی من تەنێ لەناو کاتدا هەیە.

***

من دەنووسم تا هەست بە ناخی خود بکەم. ئەوەتا لەگەڵ لە دایکبوونی وشەکانەوە هەست بە تامێک دەکەم؛ تامێک لە خاوی تۆوە لە وشەکاندا دەچۆڕێتەوە. بە جەستەی وشەکان، بە جەستەی خود چاوترووکانێک دەکێشمەوە کە نایبینمەوە. ئەوها جەستەی وشەکان، تامی هەبوونی خود نماییشدەکەم. وشەکان چاوەکانی منن. وشە ئەو چاوترووکانە دەهۆنێتەوە کە لە بیرم ناچێتەوە. دەزانم من ئەو هەموو رابردووە لە چاوترووکانە تامدارانەم بۆ نانووسرێنەوە. من تەنێ وشەکانم هەیە کە دەزانم تامی چاوترووکانەکانی جەستەی خۆم بە یاد دێننەوە. ئەوەتا من وشەکان بە گۆ دێنم تا مانایەک لە زمانی چاوترووکانەکانی تۆم بۆ زیندوو بکەنەوە.

وەرە بەدەم بارانێکەوە، وەرە لە ژێر ڕێژنەبارانێکی هەوەسداردا حەرفە داکردووەکانم بخۆوە. لەسەر گیایەکی کەسکتر لە روحت دەنگت بەناو دەنگمدا دەچۆڕێتەوە. ئەو حەرفە داکردووانەی بە سەرتەوە دادەکەن نە منی رابردووە و نە ئاییندەیەکی نادیار: پەرتییەکانم لە ئێستادا کۆبکەمەوە؟ سێبەری ئەو زمانەی من: جەستەیەک لە تامی تۆیە، بارانی ئەو چاترووکانە رابردووانەیە، بارانێک لە تامی تۆیە، جەستەی ئەو زمانە لە ئێستایە بازنەییەیە.

دەزانم ئەم زمانە بازنەییە لە دڵێکەوەیە کە دەنگی نییە. ئەڤینی من لە نێو ئەم دێرانەدایە کە تەنێ شەوقدانەوەیە. من بە دڵێکی غەوارە و جەستەیەکی تەڕەوە چاوترووکانەکانی تۆ و فەرامۆشکردنی بوون دەنووسمەوە. چرپەکان وەک چاوترووکانەکانی تۆ ئێستای منیان گەمارۆداوە. ئێستا بۆنی رووتی جەستەت دەنووسمەوە: چەند تەڕن وشەکانم!

جەستەی من بانگی تۆ دەکا: ئەی بۆنێک لە کەڤری تەڕ؛ ئەی تامی کانییەکەی ناو کۆشی چیاکەی "کافێ"!

***

تۆ ئێستا لە نێوان لێوەکان، لەناو وشەکانمدا دەبییە تامێکی تەڕ، دەبییە گیایەک لە بۆنی چیایەکی ئاوارە. من یادی تۆ نانووسمەوە، من خەریکم لە دەستچوونی ئەبەدیت فەرامۆشدەکەم.

ئەوها دەمەوێ وەک وشە لە دەنگمەوە بزنێیتەوە و بزرنگێیتەوە. حەز دەکەم وەک هەنارێک لە بناری چیایەک بدرەوشێتەوە. ئێستا دەڵێی هەنارێکی لەناو یادەوەرییمدا پێدەگەیت. من دەمەوێ لەناو باوەشی چاوتروکانت بەربېمەوە، وەک ئەوەی لەناو شانەی ژیان بکەومە خوارەوە.

چاوتروکانت تۆوێک بوو لە ژیان. وەک چۆن خودا بە چاوێک سەیری چاکە و خراپەکاندەکا، ئەوها بە چاوتروکانێک لە سروشتی چیا لە جیهان دەڕوانم. چاوتروکانەکان هەڵمدەگرن. هەستدەکەم لێرە جیابووومەتەوە. ئەرێ لێرەم؟ دەمبینن کە ئێرە نابینم؟ زەردەپەڕێک لە ناخمدا هەڵدێ. شەماڵێک هەڵدەکا و باڵی وشەکانم بەناو لاپەڕەکاندا وێڵدەکا.

***

لە بیرهاتنەوەی تۆیە زریکەی ئەم زمانە لە ماڵ ترازاوە. ئەوەتا بۆت دەنووسم، کەچی تۆ هی کەسێکی تری. چاوتروکانەکانت هی منن، ئەوە  بە ڕەنگێک لە مۆریی چاوتروکانەکانت دەکێشمەوە. وشەکان کۆدەکەمەوە، زمان چڕمدەکاتەوە، بانگی زمان دەکەم هەروەک خودی خۆم قووڵبکەمەوە تا دەبمە سێبەرێک لە چیای وشە. چۆن خۆم بۆ ئەو تەنیاییە بێدارە جێبهێڵم کە بوو بە سێبەری ناوەکییم؟ خۆم کۆدەکەمەوە و گوێ لە بێدەنگی خۆم دەگرم. ئەوها گشت ئەو چاوتروکانانە دەچنمەوە کە خەریکە وەک خۆت لە دەست دەچن.

***

لە جەنگی چیاکان زیاتر هیچی ترم نییە بۆ زمان تا سێبووری بداتەوە. چیاکان وەک خۆیان، چیاکان وەک هەقیقەت ئەبەدیین. چیاکان قەدەریی منن. چیایەک غەریبیم دەکا یان چیایەک غەریبی یادەوەریی خۆی دەکا؟ غەریبیت جێنشینە لەمدیوی کات، غەریبیت کۆتایی نایێ. سەرلەنوێ بە ڕەنگەکانی وشەوە چیاکان بچنەوە، ئەی غەریبی من!

ئەوەتا گوڵئەستێرەی نیگاکانت بەناو تەنیایی مندا بەڵەفڕێ دەکەن و خاو دەبنەوە. منیش بە دەم باڵەفڕێ و خاو بوونەوەکانتەوە یادەوەرییم فەرامۆشی دەتنێتەوە. لە خودی خۆم رادەمێنم و لە ڕۆچوونتدا خۆم دەدۆزمەوە. کاتێک وشەکان چاوتروکانەکانمان دەنووسنەوە، لاپەڕەکان دەبن بە خۆڵەمێشی گوڵئەستێرەی نیگاکانت. من دەتنووسمەوە تا لە یادت بکەم. دەشزانم تۆ لە یاد بکەم، لە چاوتروکانەکانت رزگارم نابێ. من لە ژانەوە هاتووم و حەزم لە شەوقی شادییە.

هەر ئێستا، لەم چاوتروکانەدا بە خورپەی بیرهاتنەوەیەکی بەرهەڵدراوەوە دەرگیرم. بەفرەکەش هەر دەڵێی دەخوازێ وەرزەکان بکاتە سپییەکی ئەبەدیی و چۆلەکەیەک لە نێوان دوو نیگای ئێوارە و دالغەی هەمیشەی بالکۆنی جیرانەکەمدا باڵەفڕێ دەکا، لە هیکرا بۆنی چای چاپەستێکی ڕەشی سەر کۆلکەدارێکی دووکەڵاوی لە مەتبەخەکەی "بارەگای کافێ"وە ژیان دەوروژێنێ و من بۆنگر دەکا. لە زاری ئەم وشانەوە بۆنی چیایەک ئەم چاوتروکانە بەفرگرەی ئێرە گەرمدەکاتەوە. من لێرەم بە دیار چاوتروکانی چیایەکی ئەبەدییدا.

زستان و بەهاری 2010

ستۆکهۆلم

http://handren07.kurdblogger.com/

تێبینی: ئەم کۆپلەگەلە شیعرەش بەشێکە لە شیعری "جیاکانی من"، کە پرۆژەی کۆشیعرێکە.

لە ژمارە 51ی گۆڤاری "هەنار"دا بلاوکراوەتەوە